# مافی موڵکدارێتی تایبەتی بنەمایەکی گرنگە بۆ خۆشگوزەرانی و بەرپرسیارێتی



لەپێناو بەدەستهێنانی موڵکدارێتی تایبەتی گرنگی بەکار دەدرێت و، بەهاو پیرۆزی بۆ (کار) دەگەڕێتەوە، مرۆڤەکان بـەکار دەگۆڕێن و دەبنە تاکێکی داهێنەرو ئازاد، ئەم کارەش لەپێناو بەدەسـتهێنانی موڵکدارێتی تاکەکەسـییە، بەرادەیەك پاراستنی بەرژەوەندییە شەخسییەکان وا لەمرۆڤ دەکات هەست بەزامنکردنی مافەکانی بکات، یەکێك لـەو هۆکارانەی وایکردووە لەکۆمەڵـگای کوردی داهێنان نەبێت بۆ نەبوونی هاندانـەکان دەگەڕێتەوە لەناویاندا مافـی موڵکدارێتی یە، ئەم چەمکە زۆر فراوانەو سـەرجەم خاوەندارێتی خزمەتگوزاری و کارو موڵکی خانوبەرەو زەوی پاراسـتنی مافی داهێنان و فیکری دەگرێتەوە. مافی موڵکدارێتی و سـەربەخۆیی ئابووری بەمەرجە سەرەتاییەکانی ئازادی تاك دادەنرێت، هەموو مرۆڤێك بەسروشتی خۆی پێویستی بەخاوەندارێتییەك هەیە کەکەسـی تر دەستی بەسەردا نەگرێت، چونکە ئەو بەرهەمەی بەماندووبوونی جەسـتەیی یاخود فیکری بەدەستی دەهێنێت موڵکـی تاکەکەس خۆیەتی، مرۆڤ دەتوانێت بەکاری بەردەوام ئارەزووەکانی تێر بکات، هیکڵ بەهەمانشێوەی بیرمەندی ئابووری ئادەم سمیس تێڕوانینی وابوو کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان وا دەکات نرخەکانی بازاڕ و ئاراستەکان بگۆڕدرێت، ئەو پێی وایە راسـتە تاکەکەس تەنیا مەبەستی دەستکەوتی خۆیەتی، بەڵام بە دەستێکی نادیار ئاراستە دەکرێت.

جیاوازی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لەدواکەوتوو بەوە دەردەکەوێت، کەتێیدا داهاتە بەرزەکانی تاك و خۆشـگوزەرانی و بەختەوەری بۆ زۆرترین هاوڵاتی دابینکراوە، مافی خاوەندارێتی تاکەکەسـیش بەپێی سیستەمێکی یاسایی دەپارێزرێت و رۆڵی هەیە لەپێشـکەوتنی ئابـووری و هاندانی وەبەرهێنان و ئاراستەکردنی بازرگانی و بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی داهێنان و مافی موڵکدارێتی فیکری، بگرە کۆمەڵگای مەدەنی بەسیستەمی پێداویستییەکان دادەنرێت..

لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی بێ پاراستنی موڵکدارێتی تایبەتی تاکەکان تواناو بەهرەکانیان پێشـناکەوێت و ئابووری هەرێمەکەش گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا نایەت، لەم پێناوەشدا پێویسـتە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە : لەهەرێمی کوردستان تاچەند توانراوە لەرووی یاسـاییەوە مافی موڵکدارێتی تایبەتی و تاکەکەسـی بپارێزرێت؟ ئەرکەکانی سەرشـانی هاوڵاتییان چی یە بۆ ئەوەی داوا لەحکومڕانەکان بکەن مافی موڵکدارێتی تاکەکەسـییان بۆ زامن بکات ؟ ئەو فاکتەرانە چییە کە بۆ پاراستنی مافی موڵکداری پێویستە؟

ـــايبەت دابنرێت



نەتوانراوە لە١٠٠٪ مافی موڵکداریتی جێبەجێی بکەین، بەڵام بنەماو هەنگاو نراوە بۆ پاراستنی ئەمجۆرە موڵکییەتە

لەمافە مەدەنییەکانی تایوان هاتووە «هەرکەسێک شتێکی بێ خاوەن بدۆزێتەوە، خۆی خاوەنی ئەو شتەیە»

## ئابووری بازاڕو مافی موڵکداری ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەهێزکردنی ئابووری

مافی موڵکداریتی تایبەتی بنچینەیەکی زۆر گرنگە بۆ پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانی، لەم ساڵانەی دواییدا هەستکردن بەگرنگی مافی موڵکداری بەرێژەیەکی زۆر زیادیکردووە. لەمەسەلەی مافی موڵکداریدا زۆرجار ئەوە بەخەیاڵدا دێت کە چۆن وڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە ڕژێمێکی کۆمۆنیستییەوە گۆڕان بەرەو ئابووری بازاڕ، ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی بنەڕەتی دروستکرد لەکەرتی گشتیدا بەوەی کە پێشتر ڕێزگرتنی مافی موڵکداری و ڕۆڵی تاك هیچ سەنگێکی نەبوو، بەڵام ئێستا ئابووری بازاڕو مافی موڵکداری ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەهێزکردنی ئابووری.

ژینگەی یاسایی و سیاسی هەر وڵاتێك زۆر گرنگە بۆ بەهێزکردنی پاراستنی مافی موڵکداریتی تاکەکەسی، ژینگەی یاسایی و سیاسی ئەو بنچینانە لەخۆدەگرێت کە لەسایەیدا هەر تاکێك دەتوانێت سوود وەربگرێت لەبوونی مافی موڵکداری لەڕێگای سیستەمی دادگاییەوە، هەروەها سیستەمێکی یاسایی و سیاسی جێگیرو شەفاف بۆ پێشکەوتنی مافەکانی تاکە کەسی و ڕێز لێگرتنیان گرنگە، ڕاستی و ڕێکوپێکی سیستەمی یاسایی و سیاسی هەر وڵاتێك هەروەها بیروڕای وڵاتەکە سەبارەت بە گرنگی پاراستنی مافی موڵکداری زۆر گرنگن بۆ بەهێزکردنی مافی موڵکداری و بەدەستهێنانی پشتیوانی خەڵك.

لەڕێگای پاراستنی مافی موڵکداریتییەوە چینی ناوەڕاست هەست بەسەقامگیری و پاراستنی مافەکانی دەکات، ئەمەش لەڕێگای یاساوە بەرجەستە دەبێت، بۆیە مەرجە دەسەڵات دەستبەرداری کۆنترۆڵکردنی زیاتری ئابووری و بوارەکانی تری ژیان بێت، بۆ ئەوەی ئازادییەکانی هاوڵاتییان کەمتر نەبنەوەو خۆمان لەهەندێك بڕگەو ئاراستەی سیستەمی ئابووری سۆشیالیستی دوور بگرین، ڕەنگە جیاوازی کارگەو زەوییە حکومی و تایبەتییەکان جوانترین و ساکارترین نموونەی ئەمبوارە بێت، ئەو زەوی و کارگانەی مافی خاوەندارێتی تایبەتین سوودو قازانجێکی زیاتریان هەیە نەك تەنیا بۆ خاوەنەکانی بەڵکو بۆ کەسانی ترو ئابووری هەرێمەکەش بەپێچەوانەی کارگەو زەوییانەی مافی گشتین.

جیاوازی نێوان هەردوو کۆریای باکوورو باشوورلەسەر نەخشەو لەرووی سامانی مرۆیی و سروشتی تەنیا یەك هێڵی نێوان هەردوو سنوورە، کۆریای باشوور بۆ یانزدەیەمین گەورە وڵاتی پێشکەوتوو هەنگاوی ناو کۆریای باکووریش بۆ خوار هێڵی هەژاری و برسێتی، گرنگترین جیاوازی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە لەکۆریای باشوور مافی موڵکدارێتی تایبەتی و تاکەکەسی بەپێی یاسا پارێزراوە. هەموو حکومڕانییەك توانی موڵکدارێتی و دادپەروەری و ئازادی لەڕێگای یاساوە بۆ هاوڵاتییان زامن بکات ئەو حوکمڕانییە بەباش و لێهاتوو دادەنرێت .

### چەند فاکتەرێکی گرنگ هەن بۆ پاراستنی مافی موڵکداری زۆر پێویستن لەوانە:

**١) سەربەخۆیی دادوەری**
**٢) متمانە بوون بە دادگاکان**
**٣) سەقامگیری سیاسی**
**٤) نەبوونی گەندەڵی**
**٥) پاراستنی یاسایی بۆ مافی موڵکداری**
**٦) تۆمارکردنی سامانەکان**
**٧) توانای بەدەستهێنانی قەرز**
**٨) پاراستنی مافی موڵکداریی فکری**
**٩) بەهێزکردنی داهێنان**
**١٠) پاراستنی مافی لەبەرگرتنەوە**
**١١) پاراستنی نیشانە بازرگانییەکان**

هیچ کۆمەڵگایەك بێ ڕێزگرتن لەیاسا ناتوانێت بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییانی دابین بکات، یاسا جگەلەپاراستنی مافی هەمووان ئەرکێکی تری ئەوتۆی نییە، مەبەستیش لەجێبەجێکردنی یاساکە ئەوەیە دادپەروەری بگەیەنێتە رادەیەك بتوانێت دەسەڵاتەکە بکاتە حکومڕانێکی باش، کەواتە ئەرکێکی سەرەکی یاسا پارێزگاریکردنە لەمافی موڵکدارێتی تایبەتی، بۆ ئەمەش پێویستی بەهێز هەیە، لەدەستووری پێشنیارکراوی هەرێمی کوردستان ئەم بنەمایە چەسپێنراوە.



### لەمبارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر حوسێن توفیق فەیزوڵڵا شارەزا لەبواری یاسای بازرگانی پێی وایە:

موڵکییەتی تایبەتی لەلایەنیاساوبڕگەکانی دەستوورەوە پارێزراوە، ئەمە لەدەستووری عێراقی و پرۆژەی پێشنیارکراوی دەستووری هەرێم چەسپێنراوە، تەنانەت ئەمجۆرە موڵکدارێتییە بەشێوەیەکی باش لەهەرێمەکەدا پەیرەو دەکرێت لەسەر ئاستی تاکەکەسی یاخود گروپ و کۆمپانیاکان، بەپێی یاساکانی عێراقی و یاساکانی هەرێمی کوردستان ناکرێت دەستدرێژی یاخود دەسکاری موڵکییەتی تاکەکەسی یاخود تایبەتی بکرێت، ئەزموونی موڵکدارێتی تایبەتی ئەزموونێکی نوێ یەو پێشتر زیاتر لە ٤٠ ساڵ وڵاتی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە موڵکدارێتی تایبەتی بەشێوەیەکی فراوان نەبووەو زیاتر لەچوارچێوەی سیستەمی سۆشیالیستی و بەپێی بیردۆزەکانی ئەو سیستەمە موڵکدارێتی تایبەتی یاخود تاکەکەسی پەیرەو دەکرا، بەراورد بەو واقیعەو سیستەمە سۆشیالیستییەی رابردوو هەنگاوی باش نراوە، راستە نەتوانراوە لە١٠٠٪ مافی موڵکدارێتی جێبەجێی بکەین، بەڵام بنەماو هەنگاو نراوە بۆ پاراستنی ئەمجۆرە موڵکییەتە، پێویستە زیاتر گەشە بەم سیستەمە بدەین، بۆ پارێزگاری و پاراستنی موڵکییەتی تایبەتی، چونکە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان

هەنگاوی باشیان لەمبوارەدا ناوە .
موڵکییەتی تاکەکەسی پێویست بەیاسای نوێ هەیە، هەر لەموڵکییەتی زەوی و خانووبەرەوە تاوەکو جۆرەکانی تر لەهەر جۆرێکی ئەو موڵکییەتە یاسای تایبەتی بەخۆی هەیە و دەیپارێزێت ..

## هەموو یاساکان لەپێناو مافی موڵکدارێتی تایبەتی دانراون

لەزۆر وڵاتانی جیهاندا مافی موڵکدارێتی یاسایی بەهەند دەگیرێت کە تاکەکانیان مافی ئەوەیان هەیە بەئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بە سامانەکانیان بکەن، بۆ نموونە لەو وڵاتانەدا هەر تاکێك دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی بکات کە ئاخۆ کەسێکی تر شەریك بكات لە سامانەکەی یان وەبەرهێنان بکات یان بیفرۆشێت یان موڵکی تر بەدەست بهێنێت یان بۆ نەوەکانی بەجێی بهێڵێ. یاساو ماف ئەوەندە گرنگن لەپێش حکومەتەوە دێن، سیستەمی ئابووری بازاڕ لەسەر بنەمای حکومەتی یاسا دامەزراوە، کە تێیدا تاکەکان هەست بەئیرادەو پاراستنی ماڵ و سامان و گیانیان دەکەن و کەسیش لەسەروو یاسا نییە

.پرۆفیسۆری یاریدەدەر حوسێن توفیق سەبارەت بەرۆڵی یاسا پێی وایە: یاسا رۆڵێکی زۆر فراوانی لەمبوارەدا هەیە موڵکییەتی تایبەتی و تاکەکەسی سەرچاوەیەکی یاساییەو لە رێکەوتنامەو پەیمانە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندارە بەمافی مرۆڤەوە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، لەیاسای عێراق و کوردستان ئەمجۆرە موڵکییەتە تایبەتمەندی پێ داوە دەبێت بپارێزرێت و بەهیچ شێوەیەك دەستدرێژی و دەستکاری ئەو موڵکییەتە نەکرێت.
کەواتە لەو روانگەیەوەی کەیاسا دەربڕی ئیرادەی تاکەکانە، بۆیە هاوڵاتییان دەبێت ملکەچی یاسا بن تاوەکو ملکەچی ئیرادەی خۆیان بن، لەسیستەمی یاسایی سەقامگیر مافەکانی موڵکدارێتی دەپارێزرێت و دڵنیاییەکی وا بەخاوەنەکانی دەدات لەپێشەو کارەکەیدا پێشبکەوێت، زۆرجاریش رۆحی داهێنانی تێدا دەچەسپێنێت، چونکە مافی موڵکەکەو بەهاو قازانجەکانی تێدا زامن کراوە، موڵکدارێتی لەچوارچێوەی یاسادا ئازادی دابین دەکات و هاندەریشە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بۆ خەڵکانی دیکە.
لەلایەکی ترەوە هاوڵاتیانی زۆر وڵات هێشتا ئەو مافانەیان نییە کە پەیوەستە بە پرەنسیپەکانی ئازادی و سەرمایەداری بازاڕ، ئەمەش زۆرجار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێکهاتەی یاسایی ئەو وڵاتانە شکستی هێناوە لەبارەی مافی موڵکدارێتی لەژێر سایەی حکومەتدا یاخود ئەو مافانە پێویستیان بە زیاتر بەهێزکردن هەیە، چونکە

**یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردووە لەکۆمەڵگای کوردی داهێنان نەبێت بۆ نەبوونی هاندانەکان دەگەڕێتەوە لەناویاندا مافی موڵکدارێتی یە**

**موڵکدارێتی تایبەتی کۆڵەکەیەکە بۆ لیبرالییەتی ئابووری**






**تایوان پێش چین کەوت لە پاراستنی مافی مۆڵکداریێتی تاکەکەسی**

لەوانەیە سیستەمێکی بەهێزی دادگایی لەو وڵاتانەدا نەبێت. ئەم کەموکوڕتییە لەچەسپاندنی مافی موڵکداریێتی و سەروەری یاسا زۆر زیان بەخشە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابووری هەر وڵاتێك و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تردا. پێکهاتەیەکی لاوازی یاسایی تەنها واناکات کە متمانە بە سیستەمی مافی موڵکداری یاسایی نەمێنێت کە زیاتر دەبێتە هۆی چالاککردنی بازاڕی ڕەش، بەڵکو کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی دەبێت لەسەر وەبەرهێنانی خۆماڵی و دەرەکی.

**مولکداریێتی تایبەتی سێ خاڵی گرنگ لەخۆدەگرێت: (مافی بەکارهێنانی تەواو – دژایەتیکردنی دەستێوەردان – مافی گواستنەوە)**

## هاندەرەکانی موڵکداریێتی تایبەتی

چەند هاندەرێك هەیە کەوا لەتاکەکان دەکات زیاتر روو لە موڵکداریێتی تاکەکەسی بکەن و وەکو مافیش چەسپاوە، ئەم هاندەرانەش وای لەزۆر کۆمەڵگاکان کرد رووەو گەشەسەندنی ئابووری بکەن، بۆ نموونە موڵکداریێتی بەهای لای خاوەنەکەی زیاترو گەورەترە هەرئەمەش وایکردووە موڵکی تایبەتی باشتر رابگیرێت بەراورد بەموڵکی گشتی، لەمبوارەشەوە نموونەمان زۆرە کاتێك کێڵگەکانی پەلەوەر بەدەست حکومەتەوە بوو زۆربەی جار لەبری ئەوەی قازانجمان دەستکەوێت زیانی لێدەکەوتەوە، چونکە بەڕێوەبەری کێڵگەکان و کرێکارەکان بەجیددی رووبەرووی زیانەکان نەدەبوونەوە، چونکە هاندەرێکیان نەبوو بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە، کاتێك ئەم کێڵگانە درانە کەسانێك کە خۆیان ببەن بەڕێوە قازانجێکی گەورەی لێکەوتەوە بۆ خاوەنەکانی و بەرهەمهێنانیش زیادیکرد، بەمەش بەهای موڵکەکە زیادیکرد، هەرئەمەش وایکرد موڵکەکانی خانووبەرەی حکومی وێران بێت و کاروباری چاکسازی و باش راگرتنی نەبێت، بەپێچەوانەی موڵك و خانوویەکی تایبەتییەوە .

نموونەی کۆمەڵگاکانی ترمان زۆرە کەموڵکداریێتی تایبەتی وایکردووە خەڵکی بەشێوەیەکی باش بەرهەمهێنی موڵکەکانیان زۆر کردووە، چونکە داهاتی تایبەتیان زیاد دەکات و موڵکداری زیاتریان دەستدەکەوێت، بۆنموونە لەیەکێتی سۆڤییەتی پێشوو هەر زەوییەکی بچووکی تایبەتی لە هێکتارێك کەمتر بووایە ڕێگا بەخاوەنەکانی دەدرا بەرهەمەکە بۆ خۆیان بێت ئەم زەوییانە تەنیا ٢٪ی سەرجەم کێڵگەکانی ئەو وڵاتەی پێك دەهێنا کەچی دەرئەنجام یەك لەسەر چواری کۆی بەرهەمی کشتوکاڵی لەم زەوییانەوە بەرهەم دەهات. بۆیە دوورکەوتنەوە لەموڵکداری دەوڵەت و فراوانکردنی موڵکداریێتی تایبەتی دەرئەنجامی سەرسوڕهێنەری دەبێت.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە وایکردووە موڵکداریێتی تایبەتی جێی تێڕوانین بێت ئەو کەسانەی موڵکداریێتی تایبەتییان هەیە زیاتر پەرەپێدان بەتواناکانیان دەدەن، بۆنموونە کاتێك گۆڤارێك یاخود رۆژنامەیەکی تایبەتی هەبێت و نووسەرو رۆژنامەنووسەکان پشکیان تێدا هەبێت وایان لێدەکات زیاتر راپۆرت و ریپۆرتاژی بەهێز بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی تیراژی میدیاکەیان بۆ پێشەوە ببەن لەرێگای راکێشانی زۆرترین خوێنەر، چونکە هاندەری قازانج و بەرزبوونەوەی بەهای گۆڤارەکەیان زیاد دەبێت و قازانجی زیاتر دەکەن، هەرئەمەش جیاوازی نێوان خولێکی راهێنان و مەشقی حکومییە لەگەڵ هەمان خول بەشێوەی تایبەتی کە وا لە قوتابییەکە دەکات زیاتر بخوێنێ، چونکە لە دووەمدا قوتابییەکە پارەی داوەو مافی موڵکداریێتی هەیە بەواتایەکی تر موڵکداریێتی تایبەتی سوودی بۆ بەرزکردنەوەی بەهرەو تواناکانی کەسانی تریش هەیە..




**لە کۆریای باشوور کە مافی مۆڵکدارێتی تایبەتی هەیە بۆ یازدەهەمین گەروە وڵاتی پیشەسازی هەنگاوی نا بەپێچەوانەی کۆریای باکورەوە چووە ئاستی هەژارترین وڵاتی جیهان**

بەمشـــێوەیە مولْکـــدارە تایبەتـــەکان بەو پێیەی قازانج دەکـــەن زیاتر پارێزگاری لە موڵکەکانیان دەکەن وا کۆنترۆڵی دەکەن کە زۆرترین قازانج بکەن، لەمەش دا کەســـانی تر و کۆمەڵگاش سوودمەند دەبێت.

### مافی موڵکداری فیکری؛ گەشەسەندنی ئابووری بەهێز دەکات

پاراســـتنی مافـــی موڵکـــداری فیکری کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی دەبێت لەســـەر داهێنەرانـــی وڵاتێك، چونکە پەیوەندی بەو بەرهەمانەوە هەیە کە بەرهەمهێنراون، هەروەها گرنگی بۆ ئابووری هەیە چونکە پاراستنی ئەو موڵکانە گەشەسەندنی ئابووری بەهێز دەکات، داهێنانـــی تەکنەلۆژی هاندەدات، هەروەها هانی وەبەرهێنان دەدات، هەزارەها هەلی کاری تر دەرەخسێنێت بۆ هاووڵاتیان. بانکی نێودەوڵەتـــی لەڕاپۆرتێکی ئابووری ساڵی ٢٠٠٢دا گرنگی پاراستنی موڵکی فیکری بۆ گەشەســـەندنی ئابووری پیشان دەدات.

هەروەها ئێســـتا گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە پاراســـتنی مافی موڵکداری فیکری، پێشـــتر ئەم لایەنە تەنها لەلایەن داهێنەران و کۆمپانیاکانەوە گرنگی پی دەدرا، بەڵام ئێســـتا ڕای گشتی ســـەبارەت بە مافی موڵکداری فیکـــری زۆر گۆڕاوە، چونکە چارەنووســـی زۆرێکـــی پێوە پەیوەســـتە لەجیهاندا. ئێستا تاکی بەکارهێنەر دەزانێت کە مافی موڵکداری فیکری تەنها پەیوەندی بە داهێناننامە، مافی لەبەرگرتنەوە یاخود دزینی فلیمەکانەوە نییە بەڵکو زۆر بواری تری وەکو لاســـایی کردنەوەی دەرمانەکان و لاســـایی کردنـــەوەی زۆر لەبەرهەمـــە پیشەســـازییەکانیش دەگرێتەوە، کە زۆرجار ڕاســـتەوخۆ پەیوەندییان بە تەندروســـتی مرۆڤەوە هەیە.

### ئەو سەرکەوتنەی کۆریای باشور بەدەستی هێنا بەراورد لەگەڵ سریلانکا بۆ پاراستنی مافی موڵکداری تایبەت دەگەڕێتەوە

گەشەسەندنی ئابووری پرۆسەیەکی دوورو درێژە لەکاتێکدا دێتەدی کەخەڵکی پشکێکی باشیان هەبێت لە بڕیاردان، ئەو سەرکەوتنەی کۆریای باشـــور بەدەســـتی هێنا بەراورد لەگەڵ سریلانکا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی سریلانکا بەناوی سۆسیالیزمەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا مافی موڵکداری تایبـــەت کەم بکەنەوە. تاســـاڵی ١٩٧٧ هەمـــوو حکومەتەکانی ســـریلانکا ســـتراتیژییەتی بەمەرکـــەزی کردنـــی ئابوورییـــان پەیڕەو دەکـــردو زۆر دەستێوەردانیان لەنێو کاروباری بازاڕ دەکردو وڵاتەکەیان بەرەو سۆسیالیزم دەبردو موڵکی تایبەت دەستی بەســـەردا دەگیرا، ئەمەش ژینگەیەکـــی نادیارو ناروونـــی بۆ ئایندە دروســـتکرد. خەڵکێکی کەمتر دەیانویست ســـەرمایە بەدەســـتبهێنن، بۆیـــە نرخەکان دابەزین و لەپرۆســـەکەدا پاشـــەکەوتکردن نەمابوو، ئەمـــەش کاریگەرییەکی زۆری هەبـــوو لەســـەر ئابـــووری وڵات. ئەگەر سەیری هەردوو وڵاتی چین و تایوان بکەین دەبینیـــن کە بەهۆی جیاوازی سیاســـی و ئایدۆلۆژییەوە دوو جۆرە یاســـای مەدەنی جیاوازیان هەیە، تایوان بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو ســـتاندارده ڕۆژئاواییەکانی پەیڕەو کـــردووە، کەچی چین لە ســـاڵی ١٩٨٠وە خەریکە ئـــەو کارە دەکات، ئەگەر بڕوانینە وڵاتێکی وەك چین ئەوا دەبینین کە بەندی ٧٩ لەمافی موڵکداریـــدا دەڵێت «ئەگەر خاوەنـــی شـــتێکی ونبوو یـــان لەژێرخاك شـــاردراوە دیار نەبوو ئەوا دەوڵەت خاوەنی ئەو شتەیە». کەچی لەتایوان لەبەندی ٨٠٢ لەمافە مەدەنییەکاندا هاتووە «هەرکەسێك کە شتێکی بێ خاوەن دەدۆزێتەوە ئەوە خۆی خاوەنی ئەو شتەیە».

**موڵکدارێتی لەچوارچێوەی یاسادا ئازادی دابین دەکات و هاندەریشە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بۆ خەڵکانی دیکە**